**سـەندیکای چاودێرانی دارایی هەرێمی کوردستان**
**ژمارە : ١١٢ لە ٢٠١٦/٦/٢٢**

پاڵپشت بە ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٣ تایبەت بە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان و دوابەدوای پەسند کردنی پەیرەو و پرۆگرامی سەندیکاکەمان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم پەیرەوە و پرۆگرامە:-

**پەیرەوەی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٦**
**پەیرەوی سەندیکای چاودێرانی دارایی هەرێمی کوردستان**

**ماددەی ( ١ ):-**
سەندیکای چاودێرانی دارایی هەرێمی کوردستان زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە کە هەریەکەیان مانای لە بەرامبەریان روونکراوەتەوە :-

١- **هەرێم** : هەرێمی کوردستان – عێراق
٢- **سەندیکا** : سەندیکای چاودێرانی دارایی هەرێمی کوردستان / سەندیکایەکی پیشەییە وکەسایەتییەکی سەربەخۆی دارایی و کارگێری هەیە.
٣- **دەستەی گشتی** : هەموو ئەو ئەندامە کارایانە دەگرێتەوە کە لە سەندیکای چاودێران ناونوس کراون.
٤- **چاودێر**: ئەو فەرمانبەرەی کاری چاودێری دارایی دەکات لە دام و دەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و بەئەندامی کارا ناودەبرێت .
٥- **نەقیب** : سەرۆکی ئەنجوومەنی سەندیکایە.
٦- **ئە نجومەن**: ئەنجومەنی دەستەی کارگێری سەندیکایە.
٧- **ئەندام** : ئەو کەسانەن کە ناو نووس دەکرێن لەسەندیکا و مەرجەکانی بە ئەندام بوون دەیانگرێتەوە .

**ماددەی ( ٢ ):-**
سەندیکایەکی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان دادەمەزرێت بۆ داکۆکی کردن لەچاودێرانی دارایی بەناوی ( سەندیکای چاودێرانی دارایی هەرێمی کوردستان )کە کەسایەتییەکی مەعنەوی و دارایی وکارگێری سەربەخۆی هەیە و داکۆکی لە ئەندامەکانی دەکات بە پێی یاسا و ڕێنماییە پەیرەوکراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی .

**ماددەی ( ٣ ):-**
بارەگای سەرەکی لەهەولێر دەبێت و بۆی هەیە لق بکاتەوە لەشارەکانی تری کوردستان دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ .

**ماددەی (٤):-**

ئارمی سەندیکا : پێك دێت لە چاوێکی گەورە بە دوو هێلی شینی تۆخ و کراوە دیارکراوە و تۆپێکی یەکسان کردن کە گوزارشت لە تەرازوو کردنی خەرجی و داهات بە یەکسانی و نیشانەی ڕاست کە بڕیاری چاودێرانە لەسەر دروستی خەرجی و داهاتە .

**ماددەی (٥):- ئامانجەکانی سەندیکا :-**

١- کار دەکات لە پێناو نەهێشتنی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار .

٢- داکۆکی دەکات لە مافەکانی چاودێران و پاراستنی گیان وماڵیان لەکاتی ئەنجام دانی کارەکانیان و هەست کردنیان بەبارێکی نائاسایی و نوسراوی پشتگیریان بۆ دەکات بۆ بەدیهێنانی ماف و ئیمتیازاتیان.

٣- کردنەوەی خولی جۆراوجۆر لەناوەوە دەرەوەی وڵات بۆ پەرەپێدانی توانای چاودێران و ئاشنا بوونیان بەپیشەی چاودێری بەشێوازی تازە و بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای سەردەم .

٤- هەوڵدان بۆ بەرز ڕاگرتنی ئاستی بژێوی چاودێران بۆ ئەوەی ماددە نەبێتە هۆکارێك بۆ چاو پۆشین لە کەم و کورتیەکان .

٥- سەندیکا بۆی هەیە هەماهەنگی بکات لەگەڵ سەندیکا و ڕێکخراوەکانی تری هاوپیشەی نێوخۆیی و (نێودەوڵەتی دوای ئاگادار کردنەوەی وەزارەتی ناوخۆ) و دامودەزگاکانی میری بەپێی پێویست بۆ پەرەپێدانی کاری چاودێران .

٦- هەوڵدان بۆ بەهێز کردنی پەیوەندی نێوان ئەندامەکان و ئاڵوگۆر کردنی زانیاری پیشەیی.

٧- پشتگیری کردنی چاودێران لەهەر بیر و بۆ چونێکی نوێ کە خزمەت بە پیشەکە بکات بەتایبەتی و گەل و نیشتیمان بەگشتی .

٨- هەوڵدان بۆ کردنەوەی خولی جۆراوجۆر بۆ کارمەندانی ووردبینی ناوخۆیی دام ودەزگاکانی میری بەمەبەستی ئاسانکاری کاری چاودێران و دروست کردنی پەیوەندی پتەو بۆ خزمەتکردنی پیشەیی هەردوولا چونکە کارەکانیان لە یەکتر نزیکە.

**ماددەی (٦):-**

بۆ فراوان کردنی کار و چالاکیەکان و بەهێزکردنی سەندیکای چاودێران ، دەستەی کارگێری دوای هەڵبژاردنی لە کۆنگرە ئەگەر بە پێویستی بزانێت بۆی هەیە لە کات وساتێکی گونجاودا بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە پرۆژە یاسای سەندیکای چاودێرانی دارایی هەرێمی کوردستان پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکات بۆ ئەوەی یاسایەکی تایبەتی بۆ دەربچێت .

**ماددەی ( ٧ ):- ئەندامانی سەندیکا:-**

**لە سێ بەش پێك دێن ( ئەندامی کارا . ئەندامی پلە (أ) . ئەندامی پلە (ب) )**

**١ - ئەندامی کارا :**

**ئەو چاودێرانە دەگرێتەوە کە دەرچووی کۆلیژی کارگێری و ئابووری و پەیمانگان ودەرچوی یەکێك لەم بەشانە بن (ژمێریاری ، ئابووری ، کارگێری ، ئامار )**

**٢- ئەندام : ( أ ، ب )**

**أ- بروانامەی بەکەلۆریۆسی هەبێت و بە بەڵگەوە هەمان پیشەی چاودێری بکات یان هاوکاری چاودێرانی دارایی بێت.**

**ب- بڕوانامەی پەیمانگا و بەرەو خوارەوە بێت و بە بەڵگەوە هاوکاری چاودێرانی دارایی بێت.**

**ماددەی ( ٨ ):- مەرجی بەئەندام بوون لەسەندیکای چاودێرانی دارایی هەرێمی کوردستان**

**١- تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت .**

**٢- ئەهەلیەتی یاسایی هەبێت .**

**٣- هیچ پێشینەیەکی لەکەداری و بەدرەوشتی نەبێت .**

**٤- پابەند بێت بە پەیڕەو و پرۆگرامی سەندیکا .**

**ماددەی ( ٩ ):- پەیوەندی کردن :-**

**١- ناسنامەی چاودێری هەبێت یان پشتگیری فەرمانگەی هەبێت یان هەر بەڵگەیەکی تر نیشان بدات کە کاری چاودێری دەکات یان هاوکاری پیشەی چاودێری داراییە .**

**٢- ئەندامێك پشتگیری بکات .**

**ماددەی ( ١٠ ):-**

**مافی ئەندامەتی**

**١- مافی ڕادەربڕینی و رەخنەگرتن و پێشنیاری هەیە .**

**٢- مافی خۆپاڵاوتنی بۆ دەستەی کارگێری هەیە .**

**٣- مافی بەشداری کردنی هەیە لە کۆبونەوەکان .**

**ماددەی ( ١١ ):-**

**نەمانی ئەندامەتی :-**

**١- بەمردنی ئەندام .**

**٢- لە پەیرەو و پرۆگرامی سەندیکا لابدات .**

**٣- لە سێ کۆبونەوەی یەك لە دوای یەك بە بێ هیچ هۆیەك بەشدار نەبێت .**

**٤- لەسەر داوای خۆی .**

**٥- لەدەست دانی ئەهەلیەتی یاسایی .**

**ماددەی ( ١٢ ):-**

**هەیکەلی سەندیکا ( دەستەی گشتی ، دەستەی کارگێری ، سەرۆك ، جێگری سەرۆك ) :-**

**دەستەی گشتی : بەرزترین دەسەڵاتی هەیە لە ناو سەندیکا و لەتەواوی ئەندامانی کارای سەندیکا پێك دێت ومافی سازدانی کۆبونەوەی هەیە وبۆ ئەم مەبەستەش بانگهێشتی ئەندامان دەکات ، هەروەها مافی سازدانی کۆبونەوەی ( استسنائی ) هەیە بە زۆرینەی دەنگەکان (٢/٣) و مافی هەیە :-**

**١- پەیڕەو و پرۆگرامی سەندیکا بگۆرێت .**

**٢-سەندیکای چاودێران لەگەڵ سەندیکای تر یەکبگرێت .**

**سەندیکا هەڵبوەشێتەوە .**

**هەروەها ئەمانە بە دەنگدانی ئاشکرا دەستەی کارگێری و سەرۆك و جێگرەکەی هەڵدەبژێرن و (٢) ساڵ جارێك کۆنگرە دەبەستن .**

**دەستەی کارگێری :-**

**لە پێنج ئەندامی سەرەکی و دوو ئەندامی یەدەگ پێکدێت**

**دەسەڵاتەکانی دەستەی کارگێری :-**

**١- وەرگرتن و دەرکردنی ئەندامان بە (٢/٣) دەنگەکان .**

**٢-دانانی میزانیەی ساڵانەی سەندیکا .**

**٣- دانانی بەرنامەی کار و چالاکیەکانی سەندیکا بۆ ماوەی سالێك .**

**٤- پێداچونەوە وهەڵسەنگاندنی کار و چالاکیەکانی سەندیکا لە ماوەی ساڵی ڕابردوو .**

**٥- گشت بڕیارەکانی دەستەی کارگێری سەندیکا بە دەنگدان دەبێت .**

**٦- بە ٢/٣ دەنگەکان بۆی هەیە لیژنەیەك پێك بهێنێت بۆ هەر گرفتێکی ناوخۆی سەندیکا .**

**٧- مافی هەیە لێپێچینەوە و لێپرسینەوە بکات لەگەڵ گشت ئەندامانی سەندیکا دەسەڵاتی نەقیب ( سەرۆکی ئەنجومەن ) :-**

**١- نوێنەرایەتی سەندیکا دەکات لەبەردەم دەزگا فەرمی و نافەرمیەکان دەکات .**

**٢- سەرپەرشتی کۆبونەوەی دەستەی کارگێری دەکات .**

**٣- واژۆ لەسەر گشت نوسراوەکان دەکات .**

**ماددەی( ١٣ ):-**

**کۆنگرەوکۆنفراس:-**

**کۆنگرە (٢) ساڵ جارێك ئەنجام دەدرێت وتەنها ئەندامی کارا تێیدا بەشدار دەبن کە ئەوانیش بە کۆنفرانسی پێش کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن و پێنج ئەندامی دەستەی کارگێری کە ئەنجومەن پێك دێنن و دوو یەدەگیان لێ هەڵدەبژێردرێت .**

کۆنفرانس پێش کۆنگرە بەمانگێك ئەنجام دەدرێت بە بەشداری هەموو ئەندامانی کارا و (أ) و (ب) تا ئەندامانی هەموو شارەکان کە لقی سەندیکایان تێدایە بەشدار بن و نوێنەریان لە کۆنگرە هەبێت و دەبێت ژمارەی بەشداربوانی شارەکان هەمووی وەك یەك بێت کە ئەنجومەنی دەستەی کارگێری ژمارەکە دیار دەکات بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە لە ئەندامە کاراکان و لەهەمان کات سەرۆك و جێگر و پێنج ئەندامی دەستەی کارگێری لقی سەندیکا و دوو یەدەگ هەڵدەبژێرن هەر لە ئەندامە کاراکان .

**ماددەی ( ١٤ ):-**

**پێکهاتەی سەندیکا :-**

سەندیکا پێك دێت لە چوار بەشی سەرەکی وهەر بەشێك یەکێك لە ئەندامانی دەستەی کارگێری سەرپەرشتی دەکات و ئەندامی تر بە پێی پێویستی بەشەکە هاوکار دەبن .

١- بەشی ڕێکخستن : - ئەرکی بەئەندام بوون و ڕێکخستن و سەرپەرشتی کۆبوونەوەکان دەکات و ڕێکخستنی ناسنامە و گرتنی تۆماری ناو و زانیاری ئەندامان و هەموو ئەو ئەرکانە جێ بەجێ دەکات کە تایبەتە بە ئەندامان .

٢- بەشی کارگێری : - ئەرکی بەرێوەبردنی کارو باری سەندیکا لە ئەستۆ دەگرێت و نوسراوەکان دەردەکات و سەرپەرشتی نوسراوەکانی دەرچوو و هاتوو و خزمەتگوزاری و پرسگە و هەموو ئەو ئەرکانە دەکات کە لە بارەگای سەندیکا رۆژانە ئەنجام دەدرێت

٣- بەشی چالاکییەکان : - سێ هۆبە لەخۆ دەگرێت کە هەر هۆبەیەك ئەندامیکی کارا بەرێوەی دەبات و ئەندامێکی دەستەی کارگێری سەرپەرشتیان دەکات کە ئەمانەن ( پەیوەندی و راگەیاندن وخولە جۆراو جۆرەکان ) .

٤- بەشی دارایی : - ئەرك و چالاکیەکانی دارایی لەخۆ دەگرێت و بەرپرسیارە لە گرتنی تۆمارو لیستی پێویست بۆ ڕێکخستنی دارایی سەندیکا .

**ماددەی ( ١٥ ):-**

**لقی سەندیکا :**

هەمان ئەو ئەرك و فەرمانانەی دەکەوێتە ئەستۆ کە بۆ دەستەی کارگێری دیاری کراوە لەسەر ئاستی لق و هەمان بەشەکان لە خۆ دەگرێت و ساڵانە ڕاپۆرتی کار و چالاکی بۆ ئەنجوومەن بەرز دەکاتەوە دەستەی کارگێری لقەکان پێك دێت لە سەرۆك و جێگر و سێ ئەندام و دوو یەدەگ کە لە کۆنفراس هەڵدەبژێردرێن لە ئەندامە کاراکان و لەهەمان کات ئەندامی کۆنگرە دەبن .

**ماددەی ( ١٦ ):-**

ئەندامی سەندیکای چاودێرانی دارایی بۆیان هەیە لە هەرچی ( سەندیکا و ڕێکخراو و کۆمەڵە و سەنتەری ) تر ئەندام بن وسوود لە خزمەتگوزاریەکانی وەربگرێت بە مەرجێك نابێت لە دوولا لە دەستەی کارگێری بێت .

**ماددەی ( ١٧ ):-**

**دارایی سەندیكا لەمانەی خوارەوە پێك دێت :-**

**أ- ئابونەی ئەندامان .**

**ب- ئەو یارمەتی و بەخششەی كە تاكە تاكەی خەڵك و لایەنی حكومی و ناحكومی دەیدەنێ.**

**ج- ئەو داهاتانەی بە بزاڤ و چالاكی خۆی ودەستی دەهێنێت .**

**د- گشت دارایی سەندیكا لە لایەن دیوانی چاودێری دارایی حكومەتی هەرێم ووردبینی دەكرێت .**

**ماددەی ( ١٨ ):-**

**تۆمارەكانی سەندیكا :-**

**١- تۆماری ئەندامان .**

**٢- تۆماری بڕیار و مەحزەری كۆبونەوەكان .**

**٣- تۆماری چالاكی پرۆژەكان .**

**٤- تۆماری حیساب و حیسابكاری ( ژمێریاری )**

**٥- تۆماری كەل و پەل .**

**٦- تۆماری هاتوو و دەرچوو .**

**ماددەی ( ١٩ ):-**

**سزاكان :-**

**١- ئاگادار كردنەوە .**

**٢- سڕكردن .**

**٣- دەركردن .**

**ماددەی ( ٢٠ ):-**

**هەڵوەشانەوە :- بە زۆرینەی دەنگەكانی دەستەی گشتی (٢/٣) یان بە بڕیاری دادگا و بە هۆكاری دیار كراو سەندیكا هەڵدەوەشێتەوە ، و لەكاتی هەڵوەشانەوەی سەندیكا كەل و پەل و داراییەكەی بۆ یەكێك لە (سەندیكا یان كۆمەڵە یان یەكێتی) كە نزیكە لە كاری سەندیكا دەگەرێتەوە .**

**ماددەی ( ٢١ ):-**

**ئەم پەیڕەو و پرۆگرامە هەردوای تەواو بونی كۆنگرە جێبەجێ دەكرێت و لە ڕۆژنامەی ( وەقایعی كوردستان ) بڵاودەكرێتەوە .**

**طارق خورشید صالح**

**نەقیبی سەندیكا**